Zanco Journal of Human Sciences (ZJHS)

TYPE: Original article
DOI https://doi.org/10.21271/zjhs.29.Con3.10

# ئەرکی ئەدەبی منداڵانی کوردی لە نێوان چێژبەخشین و سودگەیاندندا
## چەند دەقێکی (دیوانی منداڵان)ی لەتیف هەڵمەت بە نموونە

OPEN ACCESS

*Corresponding author
Razaw Rasheed Sabri
razaw.sabri@su.edu.krd

RECEIVED :10 /04/2025
PUBLISHED :20/08/ 2025

**ڕازاو ڕەشید سەبری** / بەشی زمانی کوردی، کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەتی، زانکۆی سەلاحەددین-هەولێر هەرێمی کوردستان، عێراق

**وشە سەرەکییەکان:**
ئەدەبی منداڵان،
شێواز و ناوەڕۆک،
ئەرکەکانی چێژ بەخشین و سودگەیاندن،
لەتیف هەڵمەت.

## پوختە

ئەم توێژینەوەیە لە ژێر ناونیشانی (ئەرکی ئەدەبی منداڵانی کوردی لە نێوان چێژ بەخشین و سودگەیاندندا)، هەوڵێکە بۆ خستنەڕووی ئەرک و مەبەستەکانی ئەدەبی مندالان لە هەردوو لایەنی (چێژ بەخشین و سودگەیاندندا)، ئەمەش لە ژێر تیشکی گرنگترین سیما سەرەکییەکانی ئەو ئەدەبە لە ڕووی هەر یەک لە شێواز و ناوەڕۆکەوە، کاریگەرییەکانیان لەسەر دروستکردنی چێژ و ئاڕاستەکردنی منداڵان بەپێی قۆناغە جیاوازەکانی تەمەن. نموونەکانی توێژینەوەکە لە چەند دەقێکی ئەدەبی بڵاوکراوەی خۆماڵی (دیوانی منداڵان)ی لەتیف هەڵمەت پێک دێت. لە توێژینەوەکەدا میتۆدی (وەسفی شیکاری) پەیڕەوکراوە. دەقە ئەدەبییە وەرگیراوەکان، لەژێر ڕۆشنایی شیکردنەوەی ئەدەبی، بە پشت بەستن بەبنەما سەرەکییەکانی شێواز و ناوەڕۆکی بەرهەمە ئەدەبییەکە، شیکراونەتەوە. ئەنجامەکان پێمان دەڵێن، ئەدەبی منداڵانی کوردی لەسەر دەستی ئەو نوسەرە، لە خستنەڕووی مەبەستەکان وپەیڕەوکردنی شێوازەکانی گەیشتن بە ئامانجەکان، لە بەرهەمەکانیدا تێکهەڵکێشی لە نێوان هەردوو ئەرکی (چێژ و سود)دا کردووە، تاوەکو بگاتە دڵ و مێشکی منداڵانی کورد.

**About the Journal**
Zanco Journal of Humanity Sciences (ZJHS) is an international, multi-disciplinary, peer-reviewed, double-blind and open-access journal that enhances research in all fields of basic and applied sciences through the publication of high-quality articles that describe significant and novel works; and advance knowledge in a diversity of scientific fields. https://zancojournal.su.edu.krd/index.php/JAHS/about

## پێشەکی:

ڕۆشنبیری منداڵ بەشێکی دانەبڕاوە لە ڕۆشنبیری کۆمەڵگا، بێگومان ڕۆشنبیری کۆمەڵگا کاریگەری گەورەی بەسەردا هەیە، زۆر شێوازیش هەن بۆ بەرزکردنەوەو گەشەپێدانی ئاستی مەعریفی و ڕۆشنبیرکردنی منداڵ، ئەدەبی منداڵان وەک، مادەیەکی ڕۆشنبیریی و پەروەردەیی چێژدار بە گرنگترین شێوازەکان دادەنرێت، چونکە خاوەنی چەند تایبەتمەندییەکە، خرۆشان و چێژوەرگرتن و خەیاڵی تێدایە، بۆیە نوسەران دەتوانن بە مەبەستگەلێک پەیامداری بکەن ، مندالانی پێ ئاراستەی بکەن، بە مەرجێک لە قاڵبێکی تایبەت و بە شێوازێکی تایبەت بە ئەوان پیشکەشی بکەن، بەم شێوەیە منداڵ لە ڕێگەیەوە زانیارییەکان بە ئاسانی وەردەگرێت و بەشدار دەبێت لە دروستکردنی کەسایەتی وگەشەپێدانی خۆی هەموو لایەنەکانیدا. هەروەها ڕۆڵی بەرچاوی هەیە لە کارتێکردن لە تێگەیشتن وبۆچوون و ڕەفتارەکانی، بەمجۆرەش کاریگەری لەسەر دوارۆژی کۆمەڵگادا دەبێت، ئەم کاریگەریەش زیاتر دەبێت کاتێک بە شێوازێکی سەرنجراکێش و چێژبەخش و خرۆش پێشکەش دەکرێت، چونکی لەو کاتەدا سەرنجی مندال زیاتر بۆ خۆی ڕادەکێشیت.

لەم توێژینەوەیەدا، تیشک دەخەینە سەر ئەو شێوازە گرنگەی پەروەردەو ڕۆشنبیریکردنە، کە ئەدەبی منداڵانە، ئەرک و مەبەستەکان، شێوازی گونجاو بۆ گەیشتن بە ئامانجەکان، لە پێناو ئاراستەکردنی ئەو چینە هەستیارەی ناو کۆمەڵگا، کە منداڵانن دەخەینە بەر باس و لێکۆڵینەوە.

## 1. چوارچێوەی گشتی توێژینەوە:

### 1.1 کێشەی توێژینەوە:

نوسەری ئەدەبی منداڵان لە پاڵ پەیامدارکردنی ئەدەبەکەی بە مەبەستی جۆراوجۆر و جیاواز، دەبێت هەوڵی سەرکێشکردنی منداڵان بۆ بەرهەمەکەی بدات و چێژیان پێ ببەخشێت، بنەماکانی دەستەبەرکردنی (چێژ و سوود) لە ئەدەبی منداڵاندا، بە بنەماکانی شێوەو ناوەڕۆکی ئەدەبەکەوە پەیوەست دەبێت، کە نوسەری منداڵان دەبێت لەگەڵیدا ڕەچاوی سیما سەرەتاییەکانی ئەو ئەدەبە بکات و بە پێی قۆناغە جیاوازەکانی تەمەنی مندال بیانگونجێنێت، ئەمەش کارێکی ئاسان نیەو،وایکردووە نوسەرانی ئەدەبی منداڵان لە بەخشینی ئەرکی (چێژ و سود)بە بەرهەمەکانییان جیاوازبن، لەم توێژینەوەیەدا هەوڵدراوە بۆ دەستنیشانکردنی ئەرکی ئەدەبی منداڵانی کوردی لە نێوان (چێژ بەخشین و سودگەیاندن)، بەوەرگرتنی نمونەی (لەتیف هەڵمەت)شاعیر و نوسەری بواری جیهانی منداڵان، وەڵامی ئەم پرسیارانەی خوارەوە بدرێتەوە :

١- ئایا ئەدەبی منداڵانی کوردی لە باشوری کوردستاندا و لەسەر دەستی (لەتیف هەڵمەت) نوسەر و شاعیری دیاری نێو ئەو ئەدەبە، چ ڕۆڵێکی هەبووە لە ئەرکدارکردنی بەرهەمەکانی لە ( شیعر وچیرۆک) بە دوو ئامانجی گرنگ و سەرەکی ئەدەبی منداڵان، کە (چێژ بەخشین و سودگەیاندن)ن؟

٢- ئایا لەتیف هەڵمەت وەک نموونەی نوسەری ئەدەبی منداڵانی کوردی لە پێناو جێبەجێکردنی هەردوو ئەرکی (چێژ و سود) لە دیوانەکەیدا، تا چ ڕادەیەک توانیویەتی لە ڕووی ناوەڕۆک و گەیاندنی مەبەستەکان و شێوازەکانی گەیشتن بەو مەبەستانە، پابەندی سیما سەرەتاییەکانی ئەو ئەدەبە بێت؟

**1.2 گرنگی توێژینەوە:** ئەو توێژینەوەیە گرنگییەکەی لە سروشتی ناونیشانەکەیەوە وەردەگرێت، ئەویش بە تیشک خستنە سەر بەشێکی گرنگ و هەستیاریی ئەدەبی باڵا، کە ئەدەبی منداڵانە، نیشاندانی ئەرک و گرنگی ئەو ئەدەبە وەک ئامرازێکی پێویست و کاریگەری پەروەردەیی و خۆشگوزەرانی سەرنجراکێش، لەسەر منداڵان، کە نەوەی دوارۆژن و بونیاتنەری کۆمەڵگان، شێوازەکانی ئاراستەکردنیان لە ڕێگەی ئەو ئەدەبەوە، بۆیە گرنگی دەدات بە پەیوەندی نێوان دەق و منداڵ، ڕادەی پابەندبوونی نوسەر بە سیما بنەڕەتییەکانی نووسینیی ئەدەبی منداڵان، لە ڕووی شێواز و ناوەڕۆک و، گونجاندنی بە پێی قۆناغەکانی گەشەی منداڵ، لە پێناو دروستکردنی چێژ و سەرکێشکردنی مندال بۆ بەرهەمە ئەدەبییەکە، گەیاندنی سوود و ئامانجی پێویست بە منداڵان بە شێوازێکی ناڕاستەوخۆ.

### 3.1. ئامانجی توێژینەوە:

– خستنەڕووی مەبەستەکانی ئەدەبی منداڵانە، گرنگیەکەی لە جێبەجێکردنی دوو ئەرکی سەرەکی ئەو ئەدەبە، کە بریتین لە (چێژ و سود).

– بایەخدانی نوسەر بەشێوازەکانی نوسین بۆ منداڵان، لە ژێر ڕۆشنایی پابەند بوونی بە سیما سەرەکیەکانی ئەو ئەدەبە، لە پێناو گەیاندنی ئامانجەکان و بەشداریکردنی لە جێبەجێکردنی ئەو ئەرکەدا.

– ڕادەی پابەندبوونی نوسەر بە تایبەتمەندییەکانی گەشەی منداڵ بە تایبەتی بۆ ئەو قۆناغ و تەمەنەی کە بەرهەمەکەی ئاراستە کردووە.

**4.1. میتۆد و ئامرازی توێژینەوە:** لەم توێژینەوەیەدا، میتۆدی (وەسفی شیکاری) پەیڕەو کراوە، بە پێی بنەماکانی ئەو میتۆدە دەقەکان شیکردنەوەیان بۆ ئەنجامدراوە.

**5.1. نموونەی توێژینەوە:** نموونەی وەرگیراو بۆ توێژینەوە، بریتییەلە چەند دەقێکی ئەدەبی بڵاوکراوەی خۆماڵی منداڵان (شیعرو چیرۆک)، کە لە (دیوانی منداڵان)ی لەتیف هەڵمەت وەرگیراون.

### 6.1. پێناسەی زاراوەکان:

1– ئەدەبی منداڵان: ئەزمونێکی زمانەوانی چێژبەخشە، شێوازێکی هونەری هەیەو، منداڵ تێکەڵی دەبێت و لەگەڵیدا کارلێک دەکات، یارمەتی دەدات هەستی هونەری منداڵ بخروشێنێت، لە هەمان کاتدا کاردەکات بۆ بەرزکردنەوەی چێژی ئەدەبی لای منداڵان و گەشەکردنی، هاریکارە لە دروستکردنی کەسێتی منداڵ و دیاریکردنی ناسنامەو فێرکردنی هونەرەکانی ژیان (غانم، 2009: 27–26). ئەم پێناسەیە، چەمکی ئەدەبی منداڵان و ئەرکەکەی بەیەکەوە پەیوەست دەکات.

– هەروەها بریتییە لەو گوزارشتە جوانەی، کە ناوەڕۆکەکەی ئەقڵ یان سۆزە و تێکەڵ بە خەیاڵ و واقیعە، یان بریتیە لەو واقیعەی مافمان پێ دەدات ئەو دەستەواژانە بەکاربێنین، کە وێنەی مانا دەکەن و ئیلهام دەبەخشن بۆ بیرکردنەوە و خەیاڵ دەوروژێنن، سۆزداریمان دەبوژێننەوەو ویست و ئیرادەمان دەجولێنن (الجويني، 1985: 17).

2– ئەرکی ئەدەبی: بریتییە لەو بەها ئەدەبییەی کە بە شێوەیەکی سروشتی لە چالاکی ئەدەبییەوە سەر هەڵدەدات، تاکو گوزارشت لە کاریگەرییە پۆزەتیڤەکەی لە دەورووبەردا بکات، ئەویش بریتییە لەو کاریگەرییەی دەقەکە لە هەموو ئاستەکان پێشکەشی دەکات، جا ئەم ئاستانە مەعریفی، ئیستاتیکی، یان بابەتی بن، کاتێکیش کاری ئەدەبی ئامانجەکانی دەپێکێت، وادەکات ئەدەب، ئەدەب بێت (واتە بەهای هەبێت)، بەڵام کاری ئەدەبی ئەوە نییە کە تێبگەین بریتیبێت لە جۆرێک لە پابەندبوون بە ئەدەب (المدرس ،2016: 11).

## 2. (چوارچێوەی تیۆری)

### 1.2. ئەرکی چێژ و سود، گرنگی لە ئەدەبی منداڵاندا

لە ئەدەبدا بە گشتی و ئەدەبی منداڵان بە تایبەتی، قسەکردن لەسەر ئەرکی چێژ و سود، ڕاستەوخۆ بەرەو ئامانج و مەبەستی نوسەر دەمانبات، چونکە ئامانجی گشتی نوسین بۆ منداڵان، هەروەک لە لێکۆڵینەوەکانی ئەدەبی منداڵاندا دەرکەوتووە، لە سێ خاڵی سەرەکی دەرناچێت، کە بریتین لە:

یەکەم: چێژ بەخشین بە منداڵ.

دووەم: فێرکردن و پێگەیاندنی منداڵ.

سێیەم: تێکهەڵکێش کردنی هەردووکیان (الكيلاني، 1998: 41)،

کە زۆر لە نوسەرو لێکۆڵەرانی بواری ئەدەبی منداڵان ئەم سێ خاڵە بە ڕەنگرێژی تیۆری ئەدەبی منداڵان دادەنێن.

نوسەرانی ئەدەبی منداڵان لە بەخشینی ئەرک بە بەرهەمەکانیان جیاوازن، هەندێجار بەرهەمی ئەدەبیان بە بابەتێکی فێرکاری ڕووت سەیرکردووەو تەنها ئەرکێک کە لە کاتی نوسیندا بە بیریاندا هاتبێت (سود) بووە، لە کاتێکدا بەرهەمی ئەدەبی پێکهاتەیەکی زمانەوانییە، بەو مانایەی کە جوانناسی هونەری دەبێت بنەمای بونیاتنانی بەرهەمی هونەری بێت،

چونکە ئەمە بنەمای بونیاتنانی دەقی ئەدەبییە، تەنها ناردنی پەیامێکی ڕاگەیاندن نیە، ئەگەر بەو شێوەیە بێت، ئەوا زمان لە سروشتێکی جوانکاری سەرنجڕاکێش بۆ بیرۆکەیەکی سادەو بێ هەڵوێست ئاڕاستە دەکات.

هەبدێجاریش لە نوسینی هەندێ بەرهەمیاندا درکیان بە گرنگی و ڕۆڵی (چێژ) کردووە و تەنها ئامانج بووە، کە کاریان بۆ کردبێت، بەبێ ئەوەی بیر لەوە بکەنەوە، کە بۆچی و بۆ کێ دەنوسن. "ئەفلاتون دەڵێت نابێت ڕێ بە منداڵان بدەین کە بەبێ جیاوازی گوێ لە هەموو داستانێک بگرن، یەکەم ئەرکمان ئەوەیە کە کۆنترۆلی ئەفسانەکان بکەین و جوانترینیان هەڵبژێرین و ئەوانی تر بەلاوە بنێین، دواییش داوا لە دایکان یان دایانەکان بکەین، ئەو ئەفسانانەی کە تەتەڵەمان کردوون و وەرمانگرتوون بۆ منداڵانی بگێڕنەوە" (شوان،2023: 121). هەندێ لە نوسەرانی ئەدەبی منداڵانیش، شارەزایانە بۆبابەتەکە چوون، لە نوسینەکانیان بۆ منداڵان داهێنانیان ئەنجامداوە، بەوەی هەوڵیانداوە هاوسەنگی لە نێوان ئەم دوو ئاڕاستەیەدا بکەن. چونکێ لەوە تێگەیشتوون، کەوا ئەدەبی منداڵانی سەرکەوتوو، "ئەو ئەدەبەیە کە لەیەک کاتدا، کات بەسەربردن و خۆشگوزەرانی، چێژ و جوانکاریی، سەرنجدان و سوود، بۆ منداڵان دابین دەکات، بەمەش بەشداریی لە ئاڕاستەکردن چەسپاندنی بەهاو دابونەریت و هەڵوێستەکان لای منداڵان دەکات، زمان و فەرهەنگیی زمانەوانییان گەشەپێدەکات، ئاسۆی خەیاڵیان فراوانتر و توانا و کارامەییەکانیان بەرەو پێشەوە دەبات" ( دانی، 2019: 17).

بێگومان نوسینی ئەدەبی منداڵان کارێکی ئاسان نییەو هەموو کەسێک نەیتوانیوە خۆی لە قەرە بدات، چونکە "ئەم ئەدەبە بە سروشت کارێکی داهێنەرانەیە، داهێنانیش لە هەرشوێنێک بێت، بۆ بەدەستهێنانی، ئاستەنگی هەیە، چونکە فۆرمی هونەری تەواو یان نزیک لە تەواوەتی، پێویستی بەئەزمون وبەهرەو ئاشنابونێکی قوڵە، لەگەڵ تایبەتمەندییەکانی داهێنانە جۆراوجۆرەکان، لە هەمان کاتدا، ئەدەبی منداڵان پوختەیەکە لە کلتورەکان، بەهاکان، چەمکەکان، ئارەزوو و خۆزگەکان بۆ داهاتوو" (الكيلاني، 1998: 41).

لەگەل ئەمانەشدا نوسەری منداڵانی سەرکەوتوو لە جێبەجێکردنی ئامانجەکانیدا، پێویستی بەوە دەبێت، کە بەتەواوەتی لە مندال تێبگات، چونکە منداڵان لە هەر قۆناغێکی تەمەنیاندا، خاوەن ئارەزوو، گەشەی جیاوازن لە هەموو لایەنەکانی (گەشەی ژیریی، زمانی، پەروەردەیی، دەروونی...تاد)، تاوەکو بتوانێت بە پێی خاسیەت و تایبەتمەندییەکانی ئەو قۆناغە بنوسێت، کە دەقەکەی ئاڕاستە دەکات. نوسەر و لێکۆڵەری بواری ئەدەبی منداڵان نوعمان ئەلهیتی، لەم بارەیەوە، دەڵێت "ئەدەبی منداڵان وەک لقێکی تازەی ئەدەبی باڵا، خاوەنی چەند تایبەتمەندییکە، کە بەهۆیەوە لە ئەدەبی گەوران جیادەبێتەوە، هەرچەندە هەریەکەیان نوێنەرایەتی بەرهەمی هونەری دەکەن، کە شێوە و ناوەڕۆک تیایدا یەکگرتوون، بەڵام ئەدەبی منداڵان ئاڕاستەی چینێکی دیاریکراو لە کۆمەڵگادا دەکرێت، کە منداڵانن" (الهيتی، 1977: 71). کەواتە ئەو ئەدەبەی کەوا پێشکەش بە منداڵان دەکرێت، ئەگەر چی لە ڕووی هونەرییەوە خاوەن هەمان ئەو بنەمایانەیە، کە لە ئەدەبی گشتی و گەورانیشدا هەن، بەڵام نوسەری ئەدەبی منداڵان جیا لە نوسەری گەوران، کاتێک بیەوێت بەرهەمێک بۆ منداڵان بنوسێت، پێویستە بە تەواوەتی لە بیر و خەیاڵاتی خۆی دورکەوێتەوەو بچێتە نێو جیهانی منداڵان و، بە پێی تایبەتمەندیەکانی ئەو ئەدەبە بنوسێت، ئەمەش تاوەکو بتوانێت بەرهەمەکەی "لە ڕووی ناوەڕۆک و شێوەو شێوازدا، لەگەڵ پێداویستییەکانی گەشەی منداڵاندا، لە هەر قۆناغێکی تەمەندا بگونجێنێت. بەمەش گرنگترین مەبەستی خۆی بەجێدەهێنێت، چونکە بۆتە کەرەستەیەکی پەروەردەیی و ڕۆشنبیری، کە کاریگەری زۆری لەسەر بونیاتنانی کەسایەتی منداڵدا هەیە" (بريغش، 1996: 139).

بۆیە دەتوانین بڵێین، لوتکەی گرنگی ئەدەبی منداڵ و مەبەستە جۆراو جۆرەکانی، لە بواری پەروەردەو نەشونما و فێرکردن و خۆشگوزەرانی دەرناچێت، نوسەری سەرکەوتوو دەتوانێت هەموو ئەو مەبەستانەی گەرەکیەتی بە ئاسانی ئاڕاستەی منداڵ بکات، بەڵام ئەگەر لە قاڵبێکی هونەریی سەرنجڕاکێشدا بێت و، دووربێت لە شێوازەکانی ڕێنمایی کردن و ئامۆژگارییکردن، بەمەش دەتوانێت سەرکەوتوانە بەرهەمەکەی لە هەردوو لایەنی چێژ و سووددا ئەرکدار بکات.

## 2.2 بنەماکانی چێژ و سود لە ئەدەبی منداڵاندا:

ئەو داهێنانە ئەدەبییەی کە ئاڕاستەی منداڵان دەکرێت، بۆ ئەوەی ببێتە مایەی چێژ و سود لە یەک کاتدا، پێویستە چوار جیاکەرەوەی سەرەکی هەبێت، ئەوانیش:

١- زمان و شێوازی دروست.

٢- بەکارهێنانی واقیع و خەیاڵ.

٣- بیرۆکە و بەها باشەکان.

٤- خۆشگوزەرانی و ڕۆحی سەرکێشی (العجيلي، 2021).

کەواتە بنەماکانی دەستەبەرکردنی چێژ و سود لە دەقی ئەدەبی منداڵادا، بە بنەماکانی شێوەو ناوەڕکی ئەدەبەکەوە پەیوەست دەبێت، ئەمە جگە لەوەی نوسەری منداڵان دەبێت لەگەڵیدا ڕەچاوی سیماو تایبەتمەندییە سەرەتاییەکانی ئەدەبیاتی منداڵان بکات، کە پەیوەندی بە دوو بابەتی گرێدراوەوە هەیە:

یەکەم: لە دەوری ناوەڕۆک و مەبەستەکانی ئەم ئەدەبیاتە دەسوڕێتەوە.

دووەم: پەیوەندی بەو شێوازە گونجاوانە هەیە کە دەتوانرێت بۆ گەیشتن بە ئامانجەکان بەکاربهێنرێت (بريغش، 1996: 157).

### 1.2.2. ناوەڕۆک و مەبەستەکانی ئەدەبی منداڵان

ئەدەبی منداڵان مەبەست و ئامانجی جۆراوجۆر لەخۆ دەگرێت، لەژێر تیشکی ئەو ئامانجانەدا ئەرکەکانی ئاڕاستە دەکات،کە لەوانەیە، پەروەردەیی فێرکاریی بێ، یان بەخشینی زانست و مەعریفە و ڕاستییەکان بێت بە منداڵ، یانیش بۆ مەبەستی خۆشگوزەرانی و چێژ و کات بەسەربردن بێت، لەوانەشە تەنها بۆ ئامانجی ئامۆژگاریکردن و ڕێنمایی و ئاڕاستەکردن بێت (دياب، 1995: 142).

لە ژێر تیشکی ئەو مەبەست و ئامانجانەی کەوا نوسەر ئاڕاستەی دەکات، لێکۆڵەرانی ئەدەبی منداڵان ناوەڕۆکی ئەدەبی منداڵانیان بۆ چەندین مەبەستی جیاواز دابەش کردووە، کە لە خوارەوەدا دەیانخەینەڕوو:

(هودا قەناوی) ئەرکەکانی ئەدەبی منداڵان لە گۆشە نیگای پەروەردەییەوە، بە چەند خاڵێک دیاریدەکات، ئەوانیش: (قناوي، 1990: 79-29)

یەکەم- مەبەستە خۆشگوزەرانیی و دڵڕفێنەکان:کە چێژ بە منداڵ دەبەخشن و دڵخۆشی دەکەن.

دووەم- مەبەستە فەرهەنگی و ڕۆشنبیرییەکان:منداڵ فێری ئەزمون شارەزایی و هونەری ژیان دەکات.

سێیەم- مەبەستە هونەریەکان: یارمەتی منداڵ دەدات ئاشنای خۆی بێت و ئاشنای تواناکانی بێت و کار بۆ نەشونماکردنی بکات.

چوارەم- مەبەستە نەشونماییەکان: کە مەبەست لێی:

١- یارمەتیدانی منداڵ بۆ گەشەی زمانەوانی.

٢- یارمەتیدانی منداڵ بۆ گەشەی عەقڵی و مەعریفی.

٣- یارمەتیدانی منداڵ بۆ گەشەی کۆمەڵایەتی و ڕەفتاری.

٤- یارمەتیدانی منداڵ بۆ گەشەکردنی کۆنترۆڵکردنی هەڵچونەکانی.

٥- یارمەتیدانی منداڵ بۆ گەشەی جەستەیی وجوڵە و هەستەکانی.

پێنجەم- مەبەستە دەرونیەکان: مەبەست لێی ڕۆڵی ئەدەبە لە تێرکردنی پێداویستییە دەرونییە جۆراوجۆرەکان.

هەروەها (بريغش ) لەلایەنی پەروەرەدەییەوە،ناوەڕۆکی ئەدەبی منداڵان لە ڕوانگەی ئاینییەوە و بە پشت بەستن بە (قورئانی پیرۆز و فەرمودەکانی پێغەمبەر محمد (د.خ)) بۆ ئەم مەبەستانەی خوارەوە دابەش دەکات: (بريغش، 1996: 13)

١- مەبەستە بیروباوەڕییەکان ٢- مەبەستی فێرکاری ٣- مەبەستی پەروەردەیی ٤- مەبەستی جوانناسی.

### 2.2.2. شێوازی ئەدەبی منداڵان

شێواز ڕەگەزێکی بنەڕەتیە لە ئەدەبی منداڵاندا، چونکە هەر ناوەڕۆکێکی ئەدەبی هەرچەندە ڕەسەن یان بەهێز بێت، ناتوانێت کاریگەری لەسەر منداڵدا بنوێنێت، ئەگەر شێوازیکی ڕەسەن یان چێژبەخشی نەبێت، لە هەمان کاتدا دانانی بنەمایەک و تایبەتمەندییێکی سنوردار و تایبەت بۆ شێوازی ئەدەبی منداڵان، کارێکی ئەستەمە، چونکە سروشتی ناوەڕۆک

به زۆریی لایەنێک لە سروشتی شێوازەکە دەسەپێنێت و، لە هەموو حاڵەتێکدا دەبێت یەکێتییەک لە نێوان ناوەرۆک و شێوازدا بدۆزینەوە، کە کۆڵەگەو بنەمای جۆرە ئەدەبییەکە پێکبهێنێت (الهيتى، 1977: 97).

لەبارەی شێوازی چیرۆکی منداڵاندا، نوسەرو لێکۆڵەران پێیانوایە شێواز ئەو دەفرە زمانەوانییەیە، کە بۆ پێشکەشکردنی چیرۆکەکە بەکاردێت. واتە شێواز بریتییە لەو پێکهاتە ڕاستەقینەو میتافۆریانەی، کە بۆ تیشک خستنە سەر بیرۆکەکەو کێشانی کارەکتەرەکان و وێناکردنی ڕووداوەکان بەکاردەهێنرێت (غانم، 2009: 208).

هەر نوسەرێکیش شێوازێکی تایبەت بە خۆی هەیە، بەڵام نوسەری منداڵان، دەبێت شێوازی بیرکردنەوە و هەستکردن و بینینی خۆی، لەگەڵ شێوازی منداڵان بگونجێنێت، بە پێی ئەو قۆناغەی کە منداڵان تیایدان و نوسەر بۆیان دەنوسێت (نجيب، 1991: 79-80).

شێوازی نوسین بۆ منداڵان دەبێت لەگەڵ توانای زمانەوانی منداڵاندا بگونجێت، شێوازیش لەم ڕەگەزانەی خوارەوە پێک دێت:

١- گوتەو زاراوەکان (الالفاظ)

٢- خەیاڵ (الخيال)

٣- زمان (اللغة)

٤- ڕستەکان (الجمل)

٥- زەنگی مۆسیقی (الجرس الموسيقي) (غانم، 2009: 212-216)

ئەحمەد نەجیب لە کتێبی (ادب الاطفال علم و فن)دا ئاماژە بە چەند خاڵێکی پەیوەست بە زمان و شێوازی ئەدەبی منداڵان دەکات کە ئەمانەی خوارەوەن: (نەجیب، 1991: 61-59)

١- دەبێت شێوازەکە لەگەڵ ئاستی منداڵان و قۆناغەکانی گەشەکردنیاندا لە هەردوو لایەنی دەروونی و زمانەوانییەوە بگونجێت، ئەگەرچی هەندێک پێیانوایە نوسەری منداڵان باشترە کەسێک بێت کە پیشەی فێرکردنی منداڵان و وانە وتنەوەی پڕاکتیزە کردبێت. واتە لەگەڵیاندا ژیابێت و زمانەکەیان شارەزا بوبێت، بەو پێیەی کە زانینی تیۆری لەسەر بنەمای پەروەردە و دەروونناسی منداڵان بەتەنیا بەس نییە، ئەگەر ئەزموونی پڕاکتیکی و کارپێکراوی لەگەڵدا (خبرات عملية تطبيقية) لەگەڵدا هاوتا نەبێت.

٢- گرنگە و دەبێت نوسەری منداڵان وشەی سادە و ڕوون هەڵبژێرێت. هەروەها ئەو دەستەواژە و دەربڕینانە بایەخ پێ بدات کە بەبێ ئاڵۆزی و سەختی ماناکە دەگەیێنن، لە هەمان کاتدا بە وشە و دەستەواژەکانی مانای هەستییەکان (المعاني الحسية) و وێنەی بینراو (الصور البصرية)، شتە جوڵاو و بیستراوەکان، بەرجەستەکان ئاڕاستە بکات. تا منداڵەکان بچوکتر بن، نوسەر لە شتە مادی و بەرجەستەکراوەکان زیاتر دەبێت نزیک ببێتەوە، باشتر وایە لە ناوەڕۆکی ئەبستراکت دووربکەوێتەوە.

٣- ئەوەی لە منداڵانەوە نزیک و خۆشەویستە بە تایبەتی منداڵانی تەمەن بچووک بەکارهێنانی شێوازی (دووبارەکردنەوە)یە ئەمەش بۆ زیاتر جەختکردنەوە لە بابەت یان شتەکە.

٤- خروشاندن هۆکارێکی گرنگە بۆ ڕاکێشانی سەرنجی منداڵان، سەرەڕای توانای سنوورداری بۆ ئەم کارە، پێویستی بە داهێنەرایی و لێهاتوویی نوسەر هەیە. شایەنی ئەوەیە کە نوسەر هەموو هەوڵ و ماندوبونێکی لە پێناودا بۆ بکات.

٥- دەبێت نوسەر لە نوسینی منداڵاندا لە شێوازی ڕێنمایی و ئامۆژگاری ڕاستەوخۆ بە تەواوەتی دووربکەوێتەوە، ئەگەر بیەوێت ئەدەبەکەی پەیامدار بکات، ئەمەش بە شێوازێکی ناڕاستەوخۆ دەبێت.

٦- هەڵبژاردنی ناونیشان و ناو لە بەرهەمەکانی ئەدەبی منداڵاندا پێویستە بە شێوازێک بێت کە کاریگەری ئەفسوناوی لەسەر دڵ و دەروونی منداڵاندا دروست بکات، بە تایبەتی هەڵبژاردنی ناوی پاڵەوان و نازناوی دەرەکی، یەکێک لە هۆکارەکانی سەرکەوتنی ئەو هەڵبژاردنەش ئەوەیە کە ناو و ناونیشانەکان دەبێت لەگەڵ قۆناغەکانی گەشەی منداڵدا بگونجێن.

٧- ئەو قسە و گوتانەی لەسەر زمانی کارەکتەرەکان دەکرێن، دەبێت لەگەڵ سروشتی ئەو کارەکتەرانەدا بگونجێن کە زمانەکەیان دراوەتە پاڵ، لە هەمان کاتدا لەگەڵ ئەم هەڵوێستانەشدا بگونجێن کە پێیان سپێردراوە.

## 3. گفتوگۆکردن و شیکردنەوەی چەند نموونەیەکی ئەدەبی (دیوانی منداڵان) ی لەتیف هەڵمەت لەژێر ڕۆشنایی ئەرکەکانی چێژ و سوددا

### 1.3. لەتیف هەڵمەت

ناوی (لەتیف محمود محمد حسن)ە، لە 1947 لە کفری لەدایک بووە، لە 1965 دەستی بە شعر هۆنینەوە کردووە لە 1975ەوە بابەتی منداڵانی نوسیوە و لە 1979 یەکەمین کۆمەڵە شیعر و چیرۆکی بە ناوی (جوانترین دێ) چاپکردووە. ئەم بەرهەمانەی بۆ منداڵانی کوردی نوسیوە بریتین لە:

- جوانترین دێ/ شیعر و چیرۆک
- دەنگخۆشترین مەل/ شیعر و چیرۆک
- هێلانەیەکی تر/ شیعر و چیرۆک
- کاتژمێر/ شیعر و چیرۆک
- گوڵی ناو ئینجانەکە/ شیعر و چیرۆک
- چۆلەکەی سەر دارەکە/ شیعر و چیرۆک
- گوێدرێژ و پاشا/ چیرۆک
- منداڵ و باران/ چیرۆک
- منداڵ و بووکە شووشە/ شیعر و چیرۆک
- منداڵ و چۆلەکە/چیرۆک
- پرسیار لە منداڵ/ شیعر و چیرۆک
- دیوانی منداڵان/ شیعر (بەرگی یەکەم)
- دیوانی منداڵان/ شیعر و چیرۆک (چاپی دووەم و سێیەم) کە خەڵاتی ئیپیکی ساڵی 2000ی لە وڵاتی سوید وەرگرتووە (شوان، 2018: 114-115)

### 2.3. گفتوگۆکردن و شیکردنەوەی نموونەکان

لە پێناو جێبەجێکردنی ئامانجەکانی توێژینەوەو نیشاندانی ڕۆڵ و گرنگی ئەدەبی منداڵانی کوردی لە شێواز و ڕادەی ئەرکدارکردنی بەرهەمەکانی لە نێوان هەردوو ئەرکەکەدا، پێویست بەوە دەکات، چەند نمونەیەکی ئەدەبی منداڵان لە(شیعر و چیرۆک)ی لەتیف هەڵمەت وەک شاعیرو نوسەرێکی شارەزاو بە ئەزمونی ئەو بوارە، بخەینە ژێر گفتوگۆ وشیکردنەوە، بە پێی ڕادەی پابەند بوونی بە سیما سەرەتاییەکانی ئەو ئەدەبە لە ڕووی ناوەڕۆک و مەبەستەکان لەلایکدا و لەڕووی بەکارهێنانی ئەو شێوازە گونجاوانەش لە لایەکی تردا، کە بەرەو مەبەستەکانمان دەبەن، کە گرنگترینیان بریتین لە:

#### 1.2.3. مەبەستە خۆشگوزەرانیی و دڵڕفێنەرەکان:

یەکێک لەو دەقانەی کە دەکرێ وەک دەقێکی ئەدەبی لەنێو دیوانەکەدا، ئەرکی خۆشگوزەرانی و دڵڕفێنی پێ ببەخشین، دەتوانین بڵێین دەقی شیعری (بەفربارینە). شاعیر بۆ ڕاکێشانی سەرنجی منداڵان و بەخشینی چێژ بە شیعرەکە، وەسفێکی جوان و سەرنجراکێشانەی دیاردەی (بەفربارین) دەکات، لەگەڵ ئەو دیمەن و خۆشگوزەرانییەی کەوا (بەفربارین) لەگەڵ خۆیاندا دەهێنێت، لە داپۆشین و ڕازاندنەوەی دار و درەخت و زەوی و بەخشینی ئارامی و خۆشی بە سروشت، هەروەک دەڵێ: (هەڵمەت، 2005: 35-36)

| |
|---|
| ئای لەم بەفرەی باریوە |
| زەوی یەک پارچە زیوە |
| نە بەرد دیارە نە درەخت |
| نە هەورازی بەرز و سەخت |
| هەمووی لە بەفرا کپە |
| بێ سروەیە و بێ چپە |
| ئای لەم بەفرەی باریوە |
| هەموو زەوی پۆشیوە |

شاعیر لە پێناو گەیاندنی هەردوو ئەرکی (چێژ و سوود) بە دەقەکە لە یەک کاتدا، پەنا بۆ (شێواز) دەبات، لە هەڵبژاردنی وشەی مۆسیقی و ئاسان و ڕەوان لە دەربڕین و تێگەیشتن، هەروەها بەخشینی ڕیتم و ئاوازی مۆسیقی جوان بە دەقەکە، بە بەکارهێنانی کێشێکی سادە و ئاسان، کە کێشی پەنجەی خۆماڵییە و بە زۆری کێشی (٧) برگەیی و (٨) برگەیین.چونکە "یەکێک لەو پێوەرانەی کە تایبەتمەندی بە شیعر دەبەخشن ، مۆسیقاو ڕیتمە، بە جۆرێک بتوانێت لەلای منداڵاندا ڕیتم و مۆسیقا دروست بکات" (دانی، 2019: 37).

لەم پارچە شیعرەدا، شاعیر لە سەرەتاوە تا دەگاتە نیوە دێری (دەی گورج ببنە دوو بەرە) کێشی (٧) برگەیی بەکارهێناوە، دواتر لە نیوە دێری دوای ئەوە، دەیکاتە کێشی (٨) برگەیی و دیسانەوە لە نیوە دێرەکانی تر دەگەڕێتەوە سەر (٧) برگەییەکە. شاعیر دواتر بۆ بەخشینی شادی و خۆشگوزەرانی بە دڵ و دەروونی منداڵان، دیمەنەکانی ناو یاریکردن لەناو بەفر بە شێوازێکی سەرنجڕاکێش دێنێتە نێو شیعرەکە و بە گوتە و ڕستە گوزارشتی لێ دەکات، هەروەک دەڵێ:

| |
|---|
| منداڵان دەی یاریکەین |
| جێ یاریمان دیاری کەین |
| دەی گورج ببنە دووبەرە |
| هێمن ڕاکە ..هێرش وەرە |
| هیوا تۆپەڵێ تر خڕکە |
| گوێی ڕزگاری پێ سڕکە...هتد. |

ئەگەرچی شاعیر ئەو قۆناغ و تەمەنەی دیاری نەکردووە کە دەقەکەی بۆ ئاراستە کردوون، بەڵام زمان و شێواز و ئاماژەکانی نێو دەقەکە، چوستی و گەرم و گوڕی منداڵان لەنێو یارییەکەدا پێمان دەڵێن، کە ئەم شیعرە بۆ منداڵانی قۆناغی (8 تا 12) ساڵان دەگونجێت.

لەم شیعرەدا شاعیر جگە لە بەخشینی ئەرکی خۆشگوزەرانی و چێژ بە منداڵان، ئەرکی وەسفی جوانی سروشتی کوردستانیشی بە دەقەکە بەخشیوە، لە هەمان کاتدا بەرهەمەکە لە ڕێگەی بەکارهێنانی وشە و دەستەواژە و ڕستەکان هۆکارێکن بۆ گەشەی زمانەوانی لای منداڵان. کەواتە شاعیر توانیویەتی سەرکەوتووانە هەردوو ئەرکی چێژ و سوود لە یەک کاتدا بە دەقەکە ببەخشێت.

**2.2.3. مەبەستە فەرهەنگی و ڕۆشنبیرییەکان:** بۆ ئەم مەبەستە نووسەر لە دیوانەکەیدا چەند دەقێکی لە (شیعر، چیرۆک) بۆ ئەم ئەرکە تەرخان دەکات، وەک (باخچەی فێرگە، کتێب، قوتابخانە، سەلاحەدین بناسن، نامەی قوتابی... هتد.) کە تیایاندا لە تەک مەبەستە ڕۆشنبیرییەکان، بە چەندین بابەت و پرسی پەروەردەیی و فێرکاری جۆراوجۆر نموونە ئەدەبییەکان پەیامدار دەکات.

شیعری (نامەی قوتابی) (هەڵمەت، 2005: 81) وەک نموونەیەکی ئەم پرسە دەخەینە ڕوو:

شاعیر لەم پارچە شیعرەدا، لەسەر زمانی قوتابی لە تەک خۆشەویست کردنی خوێندن و فێربوون لای منداڵ، هەوڵی داوە لە ڕێگەی بەکارهێنانی زمان و شێوازە ڕوون و سەرنجڕاکێشەکەی، مندالان فێری شێوازی جوان ڕەفتارکردن و ئەزموون و شارەزایی هونەرەکانی ژیان بکات. ئەو شێوازەی کە شاعیر بەکاری هێناوە لەگەڵ ئاستی مندالانی ئەو قۆناغە دەگونجێت کە شیعرەکەی ئاراستە کردوون، هەروەک لە دەقەکەدا ئاماژەی پێ کردووە کە منداڵەکە لە (پۆلی یەک) دایە، چونکە "مندالان لەم قۆناغەدا مەیلیان بۆ ئەم شێوازە هەیە کە تیایدا ڕووداوەکان لە وەسفکردن و گێڕانەوەدا خێرا و زیاد بکرێن و لە هەمان کاتدا سەرنجڕاکێش بن و بیانوروژێنن" (غانم، 2009: 216). شێوازی دەربڕینی وشە و زاراوەکان و پێکهاتەکانیان ڕوون و ئاشکران و لەگەڵ بیرۆکەی دەقەکەدا گونجاون،لە ڕووی کێش ومۆسیقای شیعرییەوە، شاعیر لە تەواوی پارچەکەدا کێشی پەنجەی (7) برگەیی بەکارهێناوە، کە مندالانی ئەم تەمەنە بە ئاسانی لێی تێدەگەن، "ئەمەش ڕێگایەکە بۆ بە ئاگاهێنانی خەیاڵی منداڵ لە ڕێگەی وێنەی گوزارشتکراوی جوان، پشت بەستن بە کێش و دەریای سادەو کورت" (دانی، 2019: 37). هەروەک لە نموونەکەدا دەردەکەوێت:

| |
|---|
| قوتابی پۆلی یەکم |
| زیت و وریا و زیرەکم |
| کە مامۆستا بۆم بدوێ |
| گشت گیانم دەکەم بە گوێ |
| کەڵک وەردەگرم لە قسەی |
| لە هەڵسوکەوت و جووڵەی |
| دانیشم لەگەڵ هاوڕێم |
| بە ئەسپایی بۆی ئەدوێم |
| ناکەم قسەی ناپەسەند |
| وانەم دەخوێنم بەند بەند .. |
| ڕوو خۆش دەبم وەکو گوڵ |
| بۆ کەس نابم بە چقڵ |
| کە دەبم بە کار بە دەس |
| قۆرت ناخەمە ئیشی کەس |

**3.2.3. مەبەستە هونەرییەکان:** نمونەی چیرۆکی (وانەی هونەر) (هەڵمەت، 2005: 103 – 106) یەکێکە لەو نمونانەی کە دەتوانین بیخەینە ئەو خانەیەوە. ئامانج و مەبەستی سەرەکی چیرۆک، بریتییە لە نەش و نماکردنی توانا و بەهرە هونەرییەکان لای قوتابی و مندالان لە ڕێگەی وێنە و نیگارکێشان و بایەخدان بە لایەنە هونەری و جوانناسییەکان، هاوکات نوسەر چەند مەبەستێکی تری تێکەڵ بە ئامانجە سەرەکییەکە دەکات ئەمەش لە ئەدەبی مندالاندا بە شتێکی ئاسایی لە قەڵەم دەدرێت، ئەگەرچی چیرۆکەکە دەستنیشانی ئەو تەمەنەی نەکردووە کە بۆی ئاراستە کراوە، بەڵام بیرۆکە و زمان و شێوازی چیرۆکەکە دەمانگەیێنێتە ئەو ئەنجامەی کە چیرۆکەکە ئاڕاستەی مندالانی تەمەن (6 تا 8) سالان کراوە.

چیرۆکەکە بە لێدانی زەنگی وانەی یەکەمی قوتابخانە دەستپێدەکات، لەگەڵ دیمەنی چوونەژوورەوەی (قوتابییە بچکۆلەکان) بە ڕیز و بێ پاڵەپەستۆ بۆ ناو پۆلەکانیان، دواتر چوونەژوورەوەی مامۆستای وانەی (وێنەکێشان) بۆ ناو

پۆلەکە، دوای سڵاو کردن و هەواڵ پرسین لە نێوان مامۆستا و قوتابییەکاندا، مامۆستای (وێنە) باس لە گرنگی (هونەری وێنەکێشان) و ڕۆلی لەسەر ژیانی ئادەمیزاد بە گشتی دەکات. نوسەر لێرەدا شێوازی (ڕاستەوخۆ لە گێڕانەوە) بەکاردەهێنێت "واتە نوسەر لە دەرەوەی ڕووداوەکان دەوەستێت کاتێک باس لە بەسەرهات و ڕووداوەکان دەکات کە کەسانی ناو چیرۆکەکە پێی هەڵدەستن، ئەم ڕێگایەش لە هەموو ڕێگاکانی تر بەربڵاوترە و بۆ منداڵان گونجاوە، چونکە نوسەر لە ڕێگەی ئەم شێوازە ڕووداو و وێنەکان لە زەینی منداڵاندا نزیک دەکاتەوە" (قناوی، 1990: 156).

هەر بەم شێوازە نوسەر بەردەوامدەبێت و دەڵێ (ئەوسا مامۆستا باسی هونەری وێنەکێشانی کوردی کرد و ئەوەی ڕوونکردەوە، کە چۆن باو و باپیرانمان لە دێر زەمانەوە، وێنەی هەندێ باری ژیانی خۆیانیان لەسەر دیواری ئەشکەوتەکانی کوردستان بۆ بەجێ هێشتووین، کە ئەوانەمان بۆ ئاشکرا دەکەن، ئەوان چۆن ژیاون، چ کاسە و کەرەسەیەکیان بەکارهێناوە، چ جۆرە جل و بەرگێکیان پۆشیەوە، چ ئاژەڵێکیان بەخێوکردووە، و لە چ ئاژەڵێک ترساون، ئینجا باسی هەندێ هونەرمەندی کوردی ئەو سەردەمەی بۆ کردن).

لێرەدا نوسەر لە تەک ئامانجی هونەری، چیرۆکەکە بە چەندین ئامانج و مەبەستی تری (ژیری و مەعریفی، ڕۆشنبیری، کۆمەڵایەتی) ئەرکدار دەکات. دواتر نوسەر بە مەبەستی گەشەکردنی زیاتری لایەنی هونەری و جوانناسی لای منداڵان لە گێڕانەوەی ڕووداوەکانی چیرۆکەکە بەردەوامدەبێت و بە زمانێکی سادە و ڕوونی دوور لە وشە و دەستەواژەی ئاڵۆز و تەم و مژاوی دەنوسێت.

نوسەر بۆ ڕاکێشانی سەرنجی منداڵان و دروستکردنی چێژ (نازلی) وەک کەسایەتییەکی منداڵان ڕادەکێشێتە نێو چیرۆکەکە و دەڵێت (نازلی کچێکی بچکۆلانە و ژیکەڵە و ژیر بوو، وێنەی ئاڵای نیشتیمانی کێشا کە لە بەرزاییدا دەشەکایەوە و لە ژێرەوەیدا نوسی: (وێنەی خۆشەویستترین شت) نوسەر لە چیرۆکەکە بە گشتی و لەم دەستەواژەی سەرەوەدا بە تایبەتی هەوڵی داوە ئەو وشانە هەڵبژێرێت کە مانای هەستی (المعانی الحسیة) و وێنەی بینراو (الصور البصریة) بە منداڵ دەبەخشن، تاوەکو (شتە جوڵاو و بینراوەکان، بەرجەستەکان) بە شێوازێکی سەرنجڕاکێش ئاراستەی منداڵ بکات و چێژیان پێ ببەخشێت.

بەم جۆرە نوسەر بە مەبەستی پەیامدارکردنی بەرهەمەکەی، هەوڵی داوە بە مەبەستی (هونەری و جوانناسی) چیرۆکەکەی ئەرکدار بکات، پاڵ ئەم مەبەستەشدا چەند مەبەستێکی تری وەک (مەعریفی، ڕۆشنبیری، ڕەفتاری، نیشتیمانی) چیرۆکەکە ئەرکدار دەکات. بۆ ئەمەش هەوڵی داوە بە زمان و شێوازەکەی جۆرێک لە چێژ لای منداڵان دروست بکات.

**4.2.3. مەبەستە نەشونماییەکان:** نوسەرانی ئەدەبی منداڵان لە ڕێگەی ئەو مەبەستەوە، دەتوانن کۆمەڵێک ئەرکی وەک گەشەیی (زمانی، ژیری، مەعریفی، کۆمەڵایەتی و ڕەفتاری، گەشەی کۆنترۆڵی هەڵچوونەکان، گەشەی جەستەیی و جووڵە و هەستی) بە بەرهەمەکانیان ببەخشن.

بۆیە بەشێکی زۆر لە دەقەکانی نێو (دیوانی منداڵان) لە (شیعر و چیرۆک) بەو ئەرکانە هەڵدەست، ئەگەر چی نووسەر لە زۆربەی دەقەکانیدا بە تایبەتیش شیعر، لە کاتی بەخشینی ئەو ئەرکانەدا، بابەتی نیشتیمان و خاک و وڵات دێنێتە ناوەوە و تێکەڵ بە ناوەڕۆکی بابەتەکەی دەکات. هەندێ لەو نموونانەی کە بۆ ئەم مەبەستە دەشێن وەکوو (گۆرانی، ئیشکردن، خەون، مانگ، خۆر و بەچکە چۆلەکە، باران، زیانی جگەرە، باوک و دایک، کتێب، دارستان، باخچەی فێرگە و چەندان نموونەی زیاتریش)، دەقی دارستان وەک نموونەیەک بۆ ئەم مەبەستە وەردەگرین (هەڵمەت، 2005: 89):

| |
|---|
| دارستان سوودی زۆرە |
| باسی دەکەم بە نۆرە |
| ئۆکسجین پەیدا دەکات |
| پیت و پێز بە خاک دەدات |
| بەری ڕەشە با دەگرێ |
| ڕەژووی لێ دروست دەکرێ...هتد. |

ئەم پارچەی سەرەوە هەروەک لە ناوەڕۆکەکەیدا دەردەکەوێت، پەیامێکی پەروەردەیی و فێرکاری لەخۆ دەگرێت کە یارمەتیدەرێکە بۆ گەشەکردنی لایەنی ژیری و مەعریفی و زمانی لای منداڵ. کەواتە نوسەر لە ڕووی ناوەڕۆکەوە توانیویەتی شیعرەکە پەیامدار بکات و سوود بە منداڵان بگەیێنێت، چونکە "یەکێک لە پێوەرەکانی شیعری منداڵان ئەوەیە، کە لە دەوری ئامانجێکی پەروەردەییدا بسوڕێتەوەو، بە ئامانجەکانی ئەدەبی منداڵانەوە پەیوەست بێت" (دانی، 2019: 37-38). هاوکات لە ڕێگەی بەکارهێنانی شێوازە جوان و ڕوون و بەهێزەکەی دەقەکەی چێژدار کردووە. شێوازیی سادەی نوسەر و ناوەڕۆکەکە لە بەخشینی زانیارییە سەرەتاییەکان بە منداڵ، ئاماژەیەکن کە ئەم دەقە پیشکەشی منداڵانی (6-8) ساڵان کرابێت.

**5.2.3. مەبەستە دەروونییەکان:** کە مەبەست لێی ڕۆلی ئەدەبە لە تێرکردنی پێداویستییە دەروونییە جۆراوجۆرەکان. چیرۆکی (ترس)، شیعری (باوک و دایک) دەتوانین بخەینە نێو ئەم خانەیەوە.

لە چیرۆکی (ترس)دا (هەڵمەت، 2005: 67-69)، نوسەر بە خەیاڵی خۆی ترس وەک شێوازێکی پەروەردەیی بەکار دەهێنێ، ئەگەرچی دەکرێ ناونیشانەکە قبوڵکراو بێت بەڵام بەو نیازەی چارەسەری گرفتی ترس بکات، نوسەر لێرەدا (ترس)ی وەک ئامرازێک بەکارهێناوە بۆ چارەسەرکردنی کێشەی لاساری منداڵی، ئەمەش پێچەوانەی ڕوانگەی دەروونییە، چونکە بەپێی بنەمای سایکۆلۆژی دەبێت ئێمە هەوڵ بدەین منداڵ ئارەزوومەندانە کارەکان ئەنجام بدات و پێویستە ڕەگەزی چێژ و خرۆشاندنی تێدابێت، نوسەر لەم بوارەدا سەرکەوتوو نەبوە و لە میانەی گفتوگۆی قەڵەم و منداڵەکەدا نەیتوانیوە بە بەکارهێنانی ڕەگەزەکانی چێژ و خروشاندن و ئارەزوو وا لە منداڵ بکات کارەکە ئەنجام بدات، ئەو هەوڵی داوە بنەمای (پاداشت و سزا) بەکاربهێنێت کە ئەویش بنەمایەکی سایکۆلۆژییە و پێویستیش بوو لەم چیرۆکە تەمەنی منداڵەکە دیاریبکرێت، جیا لەوەش نوسەر هاتووە و چەند ئاماژەیەکی مەترسیدار و تۆقێنەری وەک (بە دایکم دەڵێم لێت بدات و لا لێوت داخ کات)، (بە باوکم بڵێم فەلاقەت بکات و بە دار پشتت بشکێنێت)، (باوکم قەسابە و سیکاردەکەی لەسەر ئەو مێزە خوێناوییە داناوە)... ئەم دەستەواژانە بە تایبەتی ئەوەی دوایی دەکرێت ببێتە هۆی زەبری دەروونی لای منداڵ و تووشی گرفتی دەروونی بکات.

بۆیە دەتوانین بڵێین نوسەر لە دیاریکردنی ناونیشان و خستنەڕووی کێشە و چارەسەری گرفتی ترس سەرکەوتوو نەبوە، ئەگەر ناونیشانەکەش هەروەکوو خۆی بوایە، دەبوایە لە خوێندنەوەی چیرۆکەکەدا منداڵ فێری ئەوەبێت بەسەر ترسدا زاڵ بێت نەک ترس و تۆقێن فێری پابەندبوون بکەن، چونکە ترس ئەنجامێکی کاتی هەیە بەڵام بەردەوام نییە بە پێچەوانەی چێژ و حەز.

**6.2.3. مەبەستی نیشتیمانی:** یەکێکە لەو بابەت و پرسانەی کە بەشێکی زۆری بەرهەمەکانی نێو دیوانەکەی شاعیریان ئەرکدار کردووە، ئەرکی نیشتیمان لای لەتیف هەڵمەت، ئەرکی دەربڕینی خۆشەویستی و دڵسۆزیی و وەفایە بۆ گەل و وڵات، لە هەمان کاتدا ئەرکی خەبات و قوربانیدانە لە پێناو پاراستنی دەسکەوتەکانی وڵات، هەندێ جاریش نوسەر لە هەندێ نمونەی شیعری دیوانەکەیدا، لە وەسفی دیمەنە دڵڕفین و جوانەکانی سروشتی کوردستان ئەرکی دەربڕینی خۆشەویستی بۆ نیشتیمانی پێ بینراوە. لە میانەی خوێندنەوەمان بۆ نێوەڕۆکی (دیوانی منداڵان)ی نوسەر، دەتوانین لەم ڕوانگەیەوە بەرهەمەکانی بۆ دوو بەش دابەش بکەین:

یەکەمیان: ئەو بەرهەمانەن، کە لە ڕووی ناونیشان و ناوەڕۆک و بیرۆکە تایبەت بۆ مەسەلەی خاک و نیشتیمان تەرخان کراون، وەک: دایک و نیشتیمان، بەچکە ماسی، یادی نەورۆز، وێنەی نیشتیمان، بەستەی نیشتیمان و چەندانێکی تریش. لێرەدا دەقی بەستەی نیشتیمان بۆ ئەم مەبەستە وەک نموونە وەردەگرین: (هەڵمەت، 2005: 114-115)

| |
|---|
| لە خەوما بووم بە باران |
| باریمە سەر نیشتیمان |
| لە خەوما دارێ بەرز بووم |
| لە نیشتمانا هەڵچووم |

| |
|---|
| له خەوما مەلێ سەوز بووم |
| بۆ بەرزایی ئاسمان چووم |
| کە بەرەو زەوی هاتم |
| رووم کردەوە ولاتم |
| جێ نیە لە گشت جیهان |
| خۆش بێ وەکو نیشتمان...! |

دووەمیان: ئەو بەرهەمانەن کە نوسەر لە بنەڕەتدا بۆ پرس و بابەت و مەبەستی تر دایڕشتوون، بەلاّم لە کۆتایی بەرهەمەکە پرسی (نیشتیمان) بە جۆرێک لە جۆرەکان تێکەڵی بابەت و مەبەستە سەرەکییەکە دەکات. وەک بۆ نموونە لە شیعری (تۆپەکەم ل87)، چیرۆکی (وانەی هونەر ل103-106)، شیعری (خۆزگە ل110)، شیعری (دیجلە و فورات ل116-118)، شیعری (گۆرانی ل167)، شیعری (جوتیار ل181-182)، شیعری (پێشوازی زستان)، شیعری (پاک و خاوێنی ل27) کە لێرەدا وەک نموونە وەریدەگرین:

| |
|---|
| منالێکم خاوێن و پاک |
| دانانیشم لەسەر خاشاک |
| جل و بەرگم پیس ناکەم |
| گوڵی باخچە سیس ناکەم...تا لە کۆتاییدا دەڵێ |
| هەرچیم هەیە ..دڵم ..گیانم |
| دەیبەخشمە نیشتیمانم |

لەم بەرهەمانەشدا نوسەر هەوڵیداوە لە ڕووی هەڵبژاردنی وشەکاندا وشەی ئاسان و ئاماژەدەر هەڵبژێرێت، کە مانای ئاسان و بیرۆکەی بەسوو لەخۆبگرن، بە پابەندبوونی نوسەر بە سیما سەرەتاییەکانی نوسین بۆ منداڵان و بەکارهێنانی ئەو وشە و ڕستانەی کە بە فەرهەنگی زمانەوانی منداڵ ئاشنان، توانیویەتی لە پاڵ ئەرکی سوود و پەیامدارکردنی بەرهەمەکە، سەرنجی منداڵانیش بۆ لای دەقەکان ڕابکێشێت.

### 4. ئەنجام و دەرەنجامەکانی توێژینەوە:

لە پێناو جێبەجێکردنی ئامانجەکانی توێژینەوەکە، دوای شیکردنەوەو خوێندنەوەمان بۆ دەقەکان، بەو ئەنجامانەی خوارەوە گەیشتین:

1.4. بەرهەمەکانی لەتیف هەڵمەت، شاعیر و نوسەری دیاری نێو جیهانی ئەدەبی منداڵان، ڕۆڵێکی گرنگ و کارایان گێڕاوە لە جێبەجێکردنی دوو ئەرک و ئامانجی سەرەکی ئەو ئەدەبە، کە (چێژ بەخشین و سوودگەیاندن)ن، ئەمەش بە پابەند بوونی نوسەر بە ڕادەیەکی باش و سەرکەوتوو بە سیما سەرەتاییەکانی ئەو ئەدەبە لە ڕووی ناوەڕۆک و مەبەستەکان و شێوازەکانی گەیشتن بە مەبەستەکان، بەم شێوەیەی خوارەوە:

یەکەم- لە ڕووی ناوەڕۆک و مەبەستەکان، بە گشتی بەرهەمەکانی (شیعر و چیرۆک) بە چەندین مەبەست و ئامانجی جۆراوجۆری وەک (خۆشگوزەرانیی و دڵرفێنی، فەرهەنگی و ڕۆشنبیرییەکان، هونەرییەکان، نەشونماییەکان، دەروونییەکان، نیشتیمانی) ئەرکدارکراون، کە یارمەتی گەشەکردنی تواناکانی منداڵان لە چەندین بواری وەک، (زمانیی، ژیریی و مەعریفی، کۆمەڵایەتی و ڕەفتاریی ڕۆشنبیریی...هتد) دەدەن.

- نوسەر لە ئاڕاستەکردنی ئەو ئەرک و مەبەستانەدا، لە پاڵ ئامانج و مەبەستی سەرەکی، زۆر جار بەرهەمەکەی بە مەبەستی تریش ئەرکدارکردووە. ئەمەش لە بواری منداڵاندا شتێکی ئاسایی و ڕێگەپێدراوە، بە جۆرێک، بەرهەمەکە لە خزمەتی بیرۆکەی سەرەکیدابێت.

– مەبەستی نیشتیمانی یەکێکە لەو مەبەستانەی کە لە بەشێکی زۆری دیوانەکەیدا ڕەنگی داوەتەوە، ئەویش بە دوو شێوە:

أ- ئەو بەرهەمانە دەگرێتەوە کە لە ڕووی ناوبیشان و ناوەڕۆک و بیرۆکە تایبەت بۆ مەسەلەی خاک و نیشتیمان تەرخانکراون.

ب- ئەو بەرهەمانە دەگرێتەوە کە لە بنەڕەتدا بۆ پرس و مەبەستی تر داڕێژراون، بەڵام لە کۆتاییەکانیاندا، پرسی (نیشتیمان) بە جۆرێک لە جۆرەکان تێکەڵی مەبەستە سەرەکییەکە دەبێت.

– لە مەبەستی دەروونیدا، نوسەر لە بەکارهێنانی ئەدەب بۆ تێرکردنی پێداویستیە دەروونیەکانی منداڵ، لە نموونەی چیرۆکی (ترس)دا سەرکەوتوو نەبووە، بەڵام نمونەی تر هەن، وەک بۆ نمونە شیعری (باوک و دایک) بە باشی ئەم ڕۆڵەیان بینیوە.

دووەم- لە ڕووی بەکارهێنانی شێوازی دروست و گونجاو دا:

أ- ئەگەرچی نوسەر لە زۆربەی دەقەکاندا ئاماژەی بەو قۆناغ و تەمەنە نەکردووە کە دەقەکەی ئاراستە کردوون، بەڵام تا ڕادەیەکی باش شێوازەکان لەگەڵ ئاستی منداڵان و قۆناغەکانی گەشەکردنیان دەگونجێت، زمان و بیرۆکە و شێوازەکە وەک ئاماژەیەک پێمان دەڵێن، کە بۆ قۆناغی (6 – 8) و (9 – 12) ساڵان دەگونجێن.

ب- لەڕووی بەکارهێنانی وشە و گوتە و ڕستەکاندا، نوسەر هەوڵی داوە ئەوانە هەڵبژێرێت کە سادە و ڕوون و ئاماژەدەرن و بەبێ ئاڵۆزی مانا دەگەیەنن، زۆر جاریش پەنای بۆ هەڵبژاردنی ئەو وشانە بردووە، کە مانای هەستی و وێنەی بینراو، شتە جوڵاو و بیستراوەکان، بەرجەستەکان ئاڕاستە دەکەن. هەروەک لە ناوەڕۆکی شیکردنەوەکاندا ئاماژەیان پێکراوە.

ج- لەو دەقانەی شیمان کردۆتەوە، نوسەر بە گشتی شێوازێکی ناڕاستەوخۆی بەکارهێناوە و لە شێوازی ڕێنمایی کردن و ئامۆژگاری کردن خۆی بە دوور گرتووە.

د- ناو و ناونیشانەکان بە گشتی کاریگەرن و بە جیهانی تێگەیشتنی منداڵان نامۆ نین.

ه- لە شیعرەکاندا نوسەر هەوڵیداوە بە وێنەسۆزداریی و کاریگەرییە هونەریی وجوانناسییەکانی کار لە منداڵان بکات و وشەی ئاوازدار هەڵبژێرێت. هەروەها لە هەڵبژاردنی وشەی مۆسیقی و ئاسان و ڕەوان لە دەربڕین و تێگەیشتن، هەروەها بەخشینی ڕیتم و ئاوازی مۆسیقی جوان بە دەقەکە درێغی نەکردووە، ئەمەش بە بەکارهێنانی کێشێکی سادە و ئاسان، کە کێشی پەنجەی خۆماڵییە و بە زۆری کێشی (٧) بڕگەیی و (٨) بڕگەیین. هەروەک لە شیکردنەوەی نمونەکاندا دەردەکەوێت.

2.4. کەواتە ئەدەبی منداڵانی کوردی لەسەر دەستی ئەو نوسەرە، لە خستنەڕووی مەبەستەکان وپەیڕەوکردنی شێوازەکانی گەیشتن بە ئامانجەکان، لە بەرهەمەکانیدا تێکهەڵکێشی لە نێوان هەردوو ئەرکی (چێژ و سود)دا کردووە، ئەمەش خاڵی سەرکەوتنی ئەدەبەکە نیشان دەدات.

## سەرچاوەکان:

### کتێب

### بە زمانی کوردی:

– شوان، ڕ. (2022). ڕۆشنبیری منداڵان. چاپی یەکەم. سلێمانی: چاپخانەی کارۆ.
– شوان، ئ. (2018). مەڵۆیی لە ئەدەبی منداڵانی کورد. چاپخانەی هێڤی.
– فەرهادی، ح. (2013). پێگەی شعری منداڵان لەلای شاعیرانی کورد. بەرگی یەکەم. هەولێر: چاپخانی حاجی هاشم.
– هەڵمەت، ل. (2005). دیوانی منداڵان (شیعر وچیرۆک بۆ منداڵان). بەرگی یەکەم، چاپی دووەم. چاپخانەی پەیڤ.
– هەڵمەت، ل. (2013). دیوانی منداڵان (شیعر وچیرۆک بۆ منداڵان). بەرگی یەکەم، چاپی سێیەم. کەرکوک: لە بڵاوکراوەکانی کۆمەڵەی ڕوناکبیری وکۆمەڵایەتی کەرکوک.

### بە زمانی عەرەبی:

– احمد، س. (2006). أدب الأطفال قراءات نظرية ونماذج تطبيقية. الطبعة الاولى. عمان – الأردن: دار المسيرة للنشر والتوزيع والطباعة.
– الجويني، م. (1985). حول أدب الأطفال. ألطبعة الأولى. الإسكندرية: منشئة المعارف.

- العجيلي، ن. (2021) أدب الطفل العربي وتحديات المتعة والمنافسة والجودة، الجزيرة نيت، [على الخط]. يمكن الحصول عليه: https://aja.me/3quuvv (يوم الزيارة: 2024/3/12)
- ألكيلاني، ن. (1998). أدب الاطفال فى ضوء الإسلام. الطبعة الرابعة. بيروت: مؤسسة الرسالة.
- المدرس (د.)، ف. (2016). العناصر الفلسفية المؤسسة لوظيفة الأدب. دار الرافدين للطباعة و النشر والتوزيع.
- الهيتى، هـ. (1977). أدب الأطفال، فلسفته، فنونه، *وسائطه*. بغداد: دار الحرية للطباعه.
- بريغش، م. (1996). أدب الأطفال، اهدافه وسماته. الطبعة الثانية. بيروت: مؤسسة الرسالة للطباعه والنشر والتوزيع.
- داني، م. (2019). أدب الأطفال. الطبعة الأولى. مغرب: الدار البيضاء.
- دياب، م. (1995). مقدمة في ثقافة و أدب الأطفال. الطبعة الأولى. قاهرة: الدار الدولية للنشر والتوزيع.
- قناوي، هـ. (1990). الطفل و أدب ألأطفال. الطبعة الأولى. القاهرة: مركز التنمية البشرية والمعلومات.
- نجيب، ا. (1991). أدب ألأطفال علم وفن. الطبعة الأولى. القاهرة: دار الفكر العربي.

**وظيفة ادب الأطفال الكردي بين المتعة والمنفعة بعض نصوص (ديوان الأطفال) للطيف هلمت نموذجا**

**رازاو رشيد صبرى**
قسم اللغة الكردية، كلية التربية الأساسية، جامعة صلاح الدين – أربيل، اقليم كردستان، العراق
razaw.sabri@su.edu.krd

**الملخص**
يعتبر هذا البحث المعنوين (وظيفة ادب الأطفال الكردي بين المتعة والمنفعة)، محاولة لعرض وظيفة و أهداف ادب الأطفال من ناحيتي المتعة والمنفعة، وهذه المحاولة تقع تحت ضوء أهم خصائص هذا النوع من الأدب من حيث الاسلوب والمضمون و تأثيرهما على الاحساس بالمتعة وتوجيه الاطفال حسب المراحل المختلفة للعمر، وقد اخذت نماذج للبحث من نصوص محلية منشورة (ديوان الأطفال) للشاعر لطيف هلمت.
وقد استخدمت في هذا البحث طريقة (التحليل الوصفي)، وقمنا بتحليل النصوص المأخوذة تحت ضوء التحليل الأدبي بالاعتماد على المبادئ الاساسية لأسلوب ومضمون النص الادبي، وقد استنجنا بأن أدب الأطفال ومن خلال أعمال هذا الكاتب، بأنه مزج بين عنصري المتعة والمنفعة ليصل بسهولة الى ذهن وقلب الطفل.
**الكلمات المفتاحية:** أدب الأطفال، الأسلوب والمضمون، وضيفتي المتعة والمنفعة، لطيف هلمت.

**The Purpose of Children Literature between Entertainment and Didacticism: Latif Halmat's (Diwany Mndalan) as an Example**

**Razaw Rasheed Sabri**
Department of Kurdish Language, College of Basic Education,
Salahaddin University-Erbil, Kurdistan Region, Iraq
razaw.sabri@su.edu.krd

**Abstract**
This paper is entitled The Purpose of Children Literature between Entertainment and Didacticism: Latif Halmat's "Diwany Mndalan" as an Example. By means of putting the essential features of children literature in terms of style and content in dialogue with Latif Halmat's Diwany Mndalan, this paper showcases the significant role of children literature in pleasing and addressing children based on age groups.
The paper follows descriptive analysis method to reach its hypothesis. The selected literary text has been analyzed in the light of literary analysis and based on the text's essential features of style and content. The paper concludes that Kurdish children literature in the hand of this author, by exposing its purposes and following the styles of addressing the aims has mixed both the entertaining and didactic features to reach the heart and the mind of Kurdish children.
**Keywords:** children literature, style and content, entertaining and didactic purposes, Latif Halmat